# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٧ – ٢٠٢٦

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە


سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر

پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین

د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:

پ. د. قەیس کاکل تۆفیق

پ. د. بەختیار سەجادی

پ. د. فەرهاد قادر کەریم

پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان

پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف

پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:

پ. هـ د. میشێل لیزەنبێرگ

پ. د. مارتن ڤان برونسن

پ. د. جەلیلی جەلیل

پ. د. ساڵح ئاکین

پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی

پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک

پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە



Web: journal.ka.gov.krd

ISSN: 2520- 4106

هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە

**گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی**

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، ئەکادیمیای کوردی دەری دەکات، بایەخ بە توێژینەوەی ڕەسەن و پێشکەوتوو لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا ، فۆلکلۆر، کۆمەڵناسی، فەلسەفە، زانستی کردەکی، توێژینەوەی بەراوردکارانە، نێوان بوارە زانستییەکان، فەرهەنگناسیی کوردی، کولتووری کوردی بەگشتی دەدات. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی ڕەسەنەوە، بایەخێکی زۆر بە کێشەی زاراوەسازی لە هەموو ئەو بوارانەدا دەدا. ئەم گۆڤارە توێژینەوە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، درێژەی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کوردییە کە پێشتر لە سەردەمی کۆڕی زانیاری کوردیدا دەردەچوو، چەندان نووسەر و توێژەری پێشکەوتووی کورد کاریان تێدا دەکرد و بەرهەمی ڕەسەنیان تێدا بڵاودەکردەوە.

ئەمڕۆش، ئەم گۆڤارە، بە هەمان ڕوانینی ڕەسەن و وردەکارانەوە، لە ڕێگەی دەوڵەمەندکردن و پێشخستنی ئاستی توێژینەوەی زانستی لەو بوارانەدا، درێژە بە خزمەتی خۆی دەدات. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، خواست و هیوای زۆری هەیە، لە ئاییندەیەکی نزیکدا، گەشە بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ئەکادیمی توێژینەوەی کوردی بدات، بە تایبەتی لە ڕووی نوانەسازی و ئاماژەپێوی ئاستێکی ئەکادیمیی جیهانی بەدەست بهێنێت. ئامانجی ئەم گۆڤارە، بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستیی ڕەسەن و پێشکەوتووە، ژمارەی یەکەمی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لە ساڵی ٢٠٠٢ دا بڵاو بووەتەوە. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەسەند کراوە و بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


* ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک
* دیزاین: هەرێم عوسمان
* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:
Web: journal.ka.gov.krd
* ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd
* مۆبایل: 009647508375575

# مجلة الاكاديمية الكوردية

العدد ٦٧ – ٢٠٢٦
مجلة علمية فصلية

(رئيس الاكاديمية الكوردية و صاحب الامتياز)
**حەمەسەعید حەسەن**

رئيس التحرير
**أ. د. محسن احمد عمر**

مدير التحرير
**د. بخشان فهمی فرحو**

هيئة التحرير
أز د. قيس كاكل توفيق
أ. د. بختيار سجادى
أ. د. فرهاد قادر كريم
أ. م. د. احمد محمد مام عثمان
أ. م. د. عبدالواحد ادريس شريف
أ. م. د. نوزاد احمد اسود
د. لزكين عبدالواحد احمد

هيئة المستشارين
أ. د. ميشيل ليزنبيرک
أ. د. مارتن فان برونسن
أ. د جليل جليلى
أ. د. سالح اكين
أ. د. جعفر الشيخ لاسلامى
أ. د. عبدالرحمن اداک
أ. د. هاشم احمدزادة

Web: journal.ka.gov.krd
ISSN: 2520- 4106
اربيل/ شارع هەڵەبجە

## مجلة الأكاديمية الكوردية

هذه مجلة علمية موسمية تصدر عن الأكاديمية الكوردية. تسلط الضوء على الأبحاث الأصيلة والمتقدمة في مجالات اللغة والأدب والتاريخ والجغرافيا والفلكلور وعلم الاجتماع والفلسفة والعلوم التطبيقية، بالإضافة إلى الدراسات المقارنة والمتعددة التخصصات. تولي مجلة الأكاديمية الكوردية أهمية كبيرة لمسألة المصطلحات في جميع هذه المجالات، لا سيما من خلال نشر الأبحاث الأصيلة. تنشر المجلة بحوثا بالكوردية والعربية والإنجليزية. وهي امتداد لمجلة المجمع العلمى الكوردي، التي كانت تصدر سابقا في إطار هذا المجمع. وقد ساهم فيها العديد من المؤلفين والباحثين الكورد المعروفين ونشروا أعمالا أصيلة.

تواصل هذة المجلة المهمة نفسها من خلال إثراء وتحسين مستوى البحث العلمي في جميع المجالات. يهدف مجلة الأكاديمية الكوردية إلى رفع المستوى العلمي والأكاديمي للبحث الكوردي في المستقبل القريب وتحقيق شهرة دولية من حيث الفهرسة. ولذلك، فإن هدف المجلة هو نشر بحوث علمية مبتكرة ومتقدمة للغاية. نشرت العدد الأول من المجلة في سنة ٢٠٠٢. مجلة الأكاديمية الكوردية معتمدة من قبل وزارة التعليم العالي والبحث العلمي في حكومة إقليم كوردستان ومعترف بها للترقيات العلمية.


* منسق شؤون المجلة: ئيمان نەجات ئاغۆك
* اخراج الفني: هەرێم عوسمان
* موقع مجلة الأكاديمية الكوردية:
Web: journal.ka.gov.krd


* البريد الكتروني: journal@ka.gov.krd
* موبايل: 009647508375575

وەرگرتن: ٢٠٢٥/١١/١٩
پەسەندکردن: ٢٠٢٦/٢/١١

# سامانە کانزاییەکان لە باشوری کوردستان (١٨٥١-١٩١٤)

پ. ی. د. خالد محمود کریم
بەشی مێژوو، کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی
khalid.mahmood@garmian.edu.krd

پ. د. پشکۆ حمە طاهر عبدالرحمن
pishko.tahir@univsul.edu.iq

پوختە

سامانە کانزاییەکان لە گرنگترین سەرچاوە ئابورییەکان بوون کە دەوڵەتی عوسمانی لە ویلایەتە جۆراوجۆرەکانیدا گرنگی پێدەدا، بەو پێیەی سەرچاوەیەکی سەرەکی بوون بۆ داهاتی باج و پاڵپشتی ئابوری دەوڵەتیان دەکرد. ناوچەکانی باشوری کوردستان بەهۆی زۆری کانزا جۆراوجۆرەکانی وەک خەڵوز و نەوت و کانزاکانی تری ژێر زەوی گرنگییەکی تایبەتی هەبوو. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە: دۆخی سامانە کانزاکانییەکان لە ناوچەکانی باشوری کوردستان لەماوەی (١٨٥١-١٩١٤ی زایینی) دا چۆن بوو؟ ڕوانینی عوسمانییەکان سەبارەت بە قۆرخکردنیان چۆن بوو؟ ئەو هۆکارانە چی بوون کە سەرەڕای هەمەجۆریی و دەوڵەمەندی ناوچەکە بە کانزاکان، بەڵام سەرمایەگوزاری تێیدا زۆر سنووردار بوو؟ توێژینەوەکە ڕێبازێکی مێژوویی وەسفیی-شیکاریی پەیڕەودەکات، زیاتریش پشتی بە بەڵگەنامە بڵاوکراوەکانی عوسمانی و ساڵنامەکان و ڕاپۆرتی گەڕیدەو نێردە بیانییەکان بەستووە، بۆ پێداچوونەوە بە جۆرەکانی ئەو کانزایانەی کە دۆزراونەتەوە، شێوازەکانی قۆرخکردنی ناوخۆییان، سیاسەتی باجی عوسمانی و ململانێی نێودەوڵەتی لەسەر جیاووکی نەوت، وەک کانزایەکی هەرە گرنگ کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە سەرنجی بیانییەکان ڕادەکێشێت، بەمەش دیوێکی گرنگی مێژووی ئابوری ئەم ناوچە گرنگە لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانی ڕووندەبێتەوە.

کلیلە وشە: دەوڵەتی عوسمانی، باشوری کوردستان، سامانە کانزاییەکان، خەڵوز، نەوت.

## پێشەکی

سامانە کانزاییەکان لە باشوری کوردستان لە سەردەمی کۆتایی عوسمانی (١٨٥١-١٩١٤)، یەکێک لەو لایەنە ئابورییانە پێکدەهێنن کە تا ئێستا لەلایەن توێژەرانەوە وەک پێویست گرنگی پێنەدراوە، سەرەڕای گرنگییان بۆ تێگەیشتن لەو گۆڕانکارییە ئابوری و کۆمەڵایەتییانەی کە ناوچەکە لەو قۆناغە گرنگەی مێژووی دەوڵەتی عوسمانی بەخۆیەوەبینی. قۆناغێک کە هاوکات بوو لەگەڵ هەوڵەکانی مۆدێرنیزاسیۆنی عوسمانی (چاکسازییەکانی تەنزیمات)و پەرەسەندنی گرنگیدانی ئەوروپی بە سەرچاوە کانزاییەکانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و گۆڕانکارییەکانی پێکهاتەی ئابوری ناوخۆیی، کە گەڕان و قۆرخکردنی کانزاکان، بەتایبەتیش نەوتی کردە بابەتێک کە ڕەهەندی سیاسی و ئابوری ئاڵۆزی هەبێت.

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی پێشکەشکردنی تێڕوانینێکی گشتگیرە لەسەر سامانە کانزاکانییەکانی باشوری کوردستان، لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم تاوەکو سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی یەکەم، لە میانەی تیشک خستنە سەر سێ بواری سەرەکی کە بریتین لە خەڵوز، نەوت و کانزاکانی تر. توێژینەوەکە لە بازنەی کۆمەڵێک پرس دەخولێتەوە: دۆخی سامانە کانزاییەکان لە ناوچەکانی باشوری کوردستان لە ماوەی (١٨٥١-١٩١٤)دا چۆن بوو؟ عوسمانییەکان چەندیان گرنگی بە سامانە کانزاییەکان دەدا؟ بەچی شێوازێک قۆرخدەکران و ئاستەنگەکانی بەردەم قۆرخکردنیان چی بوو؟ وە تا چەند ئەم کانزایانە بەشدارییان لە ئابوری ناوخۆیی و داهاتی حکومەتی عوسمانیدا کردووە؟

توێژینەوەکە ڕێبازێکی مێژوویی شیکاریی گرتۆتەبەر و پشتی بە سەرچاوەی جۆراوجۆر بەستووە، دیارترینیان بەڵگەنامە بڵاوکراوەکانی عوسمانی و ساڵنامەکانە، بەتایبەتی ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ، هەروەها ڕاپۆرتی گەڕیدەکان و نێردە بیانییەکان کە سەردانی ناوچەکەیان کردووە، توێژینەوەکە هەروەها سوودی لە توێژینەوە سنووردارەکانی ئەم دواییە وەرگرتووە، کە چەند لایەنێکی کەمی ئەم بابەتەیان لە چوارچێوەی باسی فراوانتردا خستۆتەڕوو.

توێژینەوەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت: یەکەمیان باس لە خەڵوز دەکات، بە پێداچوونەوە بە شوێنەکانی دۆزینەوەی خەڵوز لە ناوچە جیاوازەکانی باشوری کوردستان و هەوڵە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بۆ قۆرخکردن و بەکارهێنانی، هەروەها ئەو ئاستەنگە تەکنیکی و ئابوریانەی کە ڕووبەڕووی قۆرخکردن و بوکارهێنانی بوونەتەوە. بەشی دووەم تایبەتە بە نەوت، بەدواداچوون بۆ سەرەتای گرنگیدان بە نەوتی سەرزەوی و تەکنیکە سادەکانی دەرهێنان و درککردنی عوسمانییەکان بە گرنگی ئەم کانزایە و هەوڵی ئەڵمانەکان بۆ بەدەستهێنانی جیاوگی نەوت. لە بەشی سێیەمدا پێداچوونەوە بە کانزاکانی تری وەک ئاسن، و مس و خوێ و ئەوانی تر دەکات، ئەو شوێنانەی ئەم کانزایەی لێ بووە و شێوازی دەرهێنانیان و بەکارهێنانە ناوخۆییەکان و هەڵوێستی عوسمانییەکان لە بارەیانەوە خستۆتەڕوو.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە ئەو بۆشاییە بەرچاوەی توێژینەوە پردەکاتەوە کە لە مێژووی ئابوری ناوچەکەدا هەیە. ڕۆشنایی دەخاتە سەر لایەنێکی پشتگوێخراو لە گرنگیدانی عوسمانییەکان بە کانزاکانی ناوچەکە و کێبڕکێی وڵاتان لەسەر نەوتی

ناوچەکە لە قۆناغێکی چارەنووسسازدا، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەو میراتە ئابورییەی کە درێژبووەوە بۆ سەردەمی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی. بەدیوێکی تردا توێژینەوە لە سەرچاوە کانزاییەکان لەم قۆناغەدا بەتەنیا ڕەهەندێکی ئابوری نییە، بەڵکو پەیوەندییەکانی هێز لە نێوان دەسەڵاتی عوسمانی و کارگێرییە ناوخۆییەکان و بەرژەوەندییە دەرەکییەکان ئاشکرادەکات، هەروەها ئەو گۆڕانکاریانەش لە تێڕوانین بۆ سەرچاوە سروشتییەکان و شێوازەکانی قۆرخکردنیان دەردەخات.

## پێشینەی توێژینەوە

وەک تێبیندەکرێت بابەتی سامانە کانزاییەکان لە باشوری کوردستان لە سەردەمی کۆتاییەکانی عوسمانی (١٨٥١-١٩١٤)، سەرەڕای گرنگییە مێژوویی و ئابورییەکەی، هێشتا نەبۆتە بابەتی توێژینەوەیەکی سەربەخۆو گشتگیر. ماددە زانستییە بەردەستەکان لەسەر ئەم بابەتە زۆر سنووردار و پەرشوبڵاون و لە چوارچێوەی توێژینەوەی فراوانتردا کە بەشێوەکی گشتی باس لە بارودۆخی مێژووی ناوچەکە دەکەن ئاماژەیان بۆ کراوە.

بەپێی زانیارییەکانی توێژەر کانزا و سامانە سروشتییەکان تەنیا بەشێکی لە دوو تێزی دکتۆرادا باسکراون، ئەویش لە چوارچێوەی باسکردنی مێژووی ئابوری چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی باشوری کوردستاندا، بەبێ ئەوەی توێژینەوەیەکی قووڵ یان سیستماتیک تەرخانکرابێت بۆ ئەم بابەتە. تێزی یەکەم کە بەناونیشانی (بهدينان في اواخر العهد العثماني ١٨٧٦-١٩١٤)، تیشکی خستۆتە سەر پێشهاتە ئابورییەکان لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراودا کە ئەویش ناوچەی بادینانە و لە چوارچێوەی تەوەرێکدا باسێکی کورتی تەرخان کردووە بۆ سەرچاوە سروشتییەکان کە لە چوارچێوەیەکی وەسفی گشتیدا ئاماژەی بۆ کانزا سروشتییەکانی ناوچەکە کردووە. تێزی دووەم کە بەناونیشانی (Süleymaniye Sancaği'nin Idari Ve Sosyo-Ekonomik Yapisi 1879-1918), ، باسی لە ناوچەیەکی جیاوازتر کردووە ئەویش سەنجەقی سلێمانییە و ئاماژەیەکی خێرای بە بوونی کانزا و کانگاکان کردووە، کە لە نەخشەیەکدا بۆ وەزارەتی دارستان و کانەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا هاتووە، تەنها ئاماژەی بۆ جۆر و شوێنی کانزاکان کردووە، بەبێ ئەوەی ڕۆبچێتە نێو وردەکارییەکانی دەرهێنان یان شێوازی سوودوەرگرتن لەو کانزایانە.

نەبوون یان سنوورداربوونی توێژینەوەکانی پێشووتر لەم بوارەدا دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک، دیارترینیان کەمی سەرچاوە و بەڵگەنامەکانە کە تیشکیان خستۆتە سەر ئەم بابەتە، ئەگەریش هەبن هێشتا ڕۆشناییان نەبینیوە، هەروەها توێژەران گرنگی زیاتریان بە کەرتە ئابوورییە دیارەکانی وەک کشتوکاڵ و بازرگانی داوە. هەروەها تێڕوانینی باو بۆ باشوری کوردستان لەو سەردەمەدا وەک ناوچەیەکی کشتوکاڵی بە پلەی یەکەم تاڕادەیەکی زۆر بووە هۆی پشتگوێخستنی سامانە کانزاییەکانی. سەرەڕای ئەوەش، دوو لێکۆڵینەوەی پێشوو چوارچێوەیەکی بەسوود دەڕەخسێنن کە دەکرێت بینە بناغە و بونیادی لەسەر بنرێت. هەرچۆن ئاماژەن بۆ بوونی چالاکیی کانگا ناوخۆییەکان و گرنگیدانی دەسەڵاتدارانی عوسمانی بۆ ڕێکخستنی ئەم کەرتە، هەروەها هەندێک لەو ئاستەنگانە ئاشکرادەکەن کە ڕووبەڕووی وەبەرهێنانی کانگا دەبنەوە، وەک کەمی سەرمایە و کەرەستەکانی دەرهێنان و کێشەکانی گواستنەوە. بەڵام توێژینەوەیەکی گشتگیر

کە سنوورە جوگرافییە ناوخۆییەکان تێپەڕێنێت و پشت بە بنەمایەکی بەڵگەنامەیی فراوانتر ببەستێت، لەوانەش ئەرشیفی عوسمانی و ساڵنامەکان و ڕاپۆرت و یاداشتی بیانییەکان و بابەتەکە لە چوارچێوەی سیاسی و ئابوریدا شیبکاتەوە، هێشتا پێویستیەکی بەپەلەیە.

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت ئەم بۆشاییە توێژینەوەییە پڕبکاتەوە، بەسوودوەرگرتن لەو تێڕوانینە بەنرخانەی لە تێزەکانی پێشوودا هاتووە و زاڵبوون بەسەر سنووردارکردنە جوگرافی و میتۆدۆلۆژییەکانیان، بۆ خستنەڕووی دیدێکی یەکگرتوو بۆ سامانی کانزاکان لە باشوری کوردستان، لە قۆناغێکی چارەنووسساز لە مێژووە نوێیەکەیدا.

## تەوەری یەکەم: خەڵووز

عوسمانییەکان گرنگییان بە قۆرخکردنی کانزاکان دەدا، چونکە سەرچاوەیەکی گرنگی باجی دە یەک و سەرچاوەی کانزا بەنرخەکانیش بوو، بەتایبەتی زیو کە ماددەی خاوی دراولێدان بوو. هەرچەندە وەبەرهێنانی بیانی سەرمایەکانیان لە کانزاکاندا وەبەرهێنابوو، بەڵام بەهۆی دەستێوەردانی جۆراوجۆری عوسمانییەکانەوە، لەوانە ڕێگری لە بردنە دەرەوەی زیوو قورقۆشم، بەتێپەڕینی ڕۆژگار دەستیان لە پرۆژەکانی دەرهێنان هەڵگرت. لە لایەکی دیکەوە، سەرمایە و تایبەتمەندی وەبەرهێنە ناوخۆییەکان زۆر لەوە کەمتربوو کە مەرجە تەکنیکییە پێویستەکانیان تێدابێت و بتوانن شێوازەکانی بەرهەمهێنان کۆنترۆڵ بکەن(هرشلاغ، ١٩٧٣، ص٩٦). **لەناو ئەم هەلومەرجەدا تا سەردەمی** تەنزیمات، نەوت و سامانی ژێر زەوی لە ناوچەکەدا لەلایەن خاوەن تیمارەکانەوە بەکاردەهێنرا. بەپێی یاسای تاپۆ کە دوای چاکسازییەکانی تەنزیمات دەرچوو، ئەو زەوییانەی کە ئەو جۆرە سامانەی ژێر زەوی تێدابوو، خراونەتە پۆلی زەوییە میرییەکانەوە. پاشان قۆرخکردنی ئەم سەرچاوانە بە موقاتەعە [1] هەژماردەکراو بە ئیلتیزام دەدرایە کەسانێک کە لەم بوارەدا لێهاتوو شارەزابن(Marufoğlu1998, s.221). لەگەڵ ئەمەشدا دەوڵەت ناچاربوو بیانییەکان هانبدات بۆ پەرەپێدانی کانەکان، بەهۆی توانای پێشکەوتوویان لەم بوارەدا، بە کۆمەڵێک جیاوگەوە، کە بەتێپەڕبوونی کات، بەپێی یاساگەلێک کە لە ساڵی ١٨٨٧ دەرچوو، پشکی دەوڵەت تێیدا گەیشتە ٢٥٪ی بەهای دەرهێنراو، جگە لە باج لەسەر زەوییەکە، لە کاتێکدا کە وەبەرهێنانی کانزاکان لە پیشەسازیدا سنووردداربوو، بەهۆی نەبوونی پیشەسازی و کارگەی پێویست بۆ ئەم بوارە(صوان ٢٠١٩: ٩٧).

سامانەکانی ژێر زەویی و کانزا جۆراوجۆرەکان، بنەمایەکی گرنگن لە پێکهاتەی ئابوری هەر ناوچەیەکدا. لەگەڵ ئەوەی لەو ماوەی کە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە دیاریکراوە، لە باشوری کوردستان وەک پێویست سوود لە سامانە کانزاییەکان و دەرهێنانیان نەبینراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سەرچاوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کانەکانی ئەم ناوچەیە، لە ڕیزی کانە دەوڵەمەندەکانەوە دێن، کە پڕبوون لە سامان و کانگای سروشتی، وەک یەکێک لە گوتارەکانی گۆڤاری (لغە العرب)دا هاتووە لە بارەی لیوای سلێمانی، کە « ئەگەر هەوڵی لەژێر زەوی دەرهێنانیان بدرێ، سامانێکی زۆر

١ () موقاتەعە: بەو زەوییانە دەوترا کە خاوەندارێتیان دەگەڕایەوە بۆ دەوڵەت، یان وەقفبوون، بەکرێ و بەشێوەی ڕێکەوتن دەدران بە کەس و دامەزراوەکان، داهاتەکەشی ڕاستەوخۆ دەگەڕایەوە بۆ گەنجینەی دەوڵەت. (بڕوانە: شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی لە: سلێمانی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا(١٨١٢–١٩٢٧)، ب٩، ٢٠١٩، و. ئاشتی ڕەحمان، زانکۆی جیهان، خانەی بەڵگەکان، هەولێر:٩)

و خێروبێرێکی فرەو خۆشگوزەرانی و بەختیاری بەسەر ئەم نەتەوەیەدا دادەبارێنێ، کە لە هەرە دەوڵەمەندترین وڵاتی دنیادا بەدەست هەژارییەکی کەم وێنەوە دەناڵێنێ، دادەبارێنێ»( کوردو کوردستان لە گۆڤاری لغة العرب دا ٢٠٢٤: ٣٧). کاتێکی زۆر بەسەر بڵاوکردنەوەی ئەم گوتارەدا تێنەپەڕی، کانزاکان و بەتایبەت نەوت کە بەهۆی چاوتێبڕینی وڵاتە ئیمپریالییەکانەوە، لە سەرچاوەیەکی سروشتییەوە کە دەبوو خۆشگوزەرانی و بەختیاری لە ناوچەکەدا فەراهەم بکات، گۆڕا بۆ ئامرازێکی بەدەستهێنانی هێزی جیۆسیاسی و نەفرەت لە گەلانی ناوچەکە، بەتایبەتیش گەلی کورد. چونکە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی(١٩١٤-١٩١٨)، ناوچەکە بەپێی بەرژەوەندییەکانی کانزای نەوت لەلایەن وڵاتە سەرکەوتووەکانی جەنگەوە دابەشکرا، نەک بەپێی سنووره سروشتی یان کلتوورییەکان، ناکۆکی بەریتانی-فەرەنسی سەبارەت بە کانزای نەوتی باشووری کوردستان و ناوچەکە بەگشتی، بووە هۆی ڕێکەوتنەکانی دابەشکردنی هەژموون و دروستکردنی قەوارە بچووکەکان (دەوڵەتۆچکەکان)، بۆ هەرچی ئاسان کۆنترۆڵکردنی سامانە کانزاییەکان و سنووره دەستکردەکان.

پێش دۆزینەوەی نەوت وەک سەرچاوەیەکی وزە، جیهان پشتی بە خەڵووز بەستووە، لەم پشتبەستنەدا دەوڵەتی عوسمانییش وەک ئەوانی تر وابوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی کەشتیگەلەکەی لە کەشتیی چارۆکەدارەوە گۆڕا بۆ کەشتی هەڵمی لە ساڵی ١٨٢٩(صوان ٢٠١٩:٩٧). لەم چوارچێوەدا خەڵووز وەک سەرچاوەیەکی وزە بۆ کارپێکردنی کەشتییە هەڵمییەکانی نێوان بەغداو بەسرە لە دوای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستیان کرد بە ڕاکێشانی سەرنجی بەرپرسان[٢] سەرەتا کەم تا زۆر نەوتی خاو بە سەرکەوتوویی وەک سووتەمەنی لەناو کەشتییە هەڵمییەکانی عوسمانی کە لە ڕووباری دیجلە دەسوڕانەوە بەکارهاتووە، بەڵام خەڵووزی ئینگلیزی بۆ ئەم مەبەستە جێگەی گرتەوە، کە بەکارهێنانی هەرزانتر و کاریگەرتربوو. کە پێدەچوو بەهۆی ئەو شێوازە نازانستیانە کە لە کۆکردنەوەو ئامادەکردنیدا بەکارهێنراون و دواتر لە بەکارهێنانی لە کورەی کەشتییە هەڵمییەکاندا دەرکەوتووە، کە تێچووی یەکسانە بە ٦ پاوەند بۆ هەر تۆنێک، لە کاتێکدا خەڵووزی ئینگلیزی دەتوانرا لە بەسرەوە لەلایەن ئەو کەشتییە هەڵمییە زۆرانەی کە لە بازرگانی کەنداودا بەکاردەهێنران، بە ٢ پاوەند بۆ هەر تۆنێک بگەیەنرێت(Geary1878:16).

دەسەڵاتدارانی خۆجێی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچەکە گەڕان و پشکنینەکانیان بۆ پەیداکردنی خەڵووزی خۆماڵی بۆ کارپێکردنی ئەو کەشتیانە دەستپێکرد، وەک لە زانیارییەکانی ناو چەند بەڵگەنامەیەکی عوسمانی دەردەکەوێت، کانزایەکی خەڵووز لەنێوان زاخۆ و قەزای حاجی بەهرام لە جەزیرە دۆزرارەتەوە، بەگوێرەی نوسراوێک کە لە بەرواری (١٠ی ڕەمەزانی ١٢٨٥ک-٢٤کانونی

٢ () لە دوای پەرەسەندنی ڕۆڵی بەریتانیا لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی و دامەزراندنی کۆمپانیای فورات و دیجلە بۆ کەشتیوانی بازرگانی سنووردار، یەکەم هێڵی گواستنەوەی ڕێکخراو لە ڕێگەی کەشتییە هەڵمییەکانەوە لە نێوان بەغداو بەسرە لە ڕووباری دیجلە دەستیپێکرد، لە سەردەمی والی بەغداد ڕەشید پاشا کوزکلی لە ساڵی (١٨٥٥) گرێبەستێک بۆ کڕینی دوو کەشتی هەڵم لە بەلجیکا واژۆکرا، ئەوەبوو یەکەم گەشتیان لە ساڵی (١٨٦٢) دەستپێکرد. لە ساڵی (١٩٠٤)، ئیدارەی حەمیدییە دامەزرا، بۆ جێگرتنەوەی کۆمپانیای عوسمانی عومانی لە بەڕێوەبردنی کاروباری کەشتیوانی ڕووبارەکاندا، بەڵام بەڕێوەبردنی خراپی وایکرد کە چالاکیی ئەم دامەزراوەیە لە ڕووی ئابوورییەوە بێ قازانج بمێنێتەوە، ئەمەش وایکرد حکومەتی عوسمانی لەگەڵ حکومەتی بەریتانیا ڕێکبکەوێت بۆ یەکخستنی ئیدارەی حەمیدییە لەگەڵ کۆمپانیای لینگ. ئەم یەکگرتنە لە ساڵی (١٩٠٩) ڕوویداو دامەزراوەیەکی نوێ پێکهێنرا بەناوی دامەزراوەی کەشتیوانی عوسمانی لە دیجلە و فورات و شەتولعەرەب.( القهواتي، ١٩٨٠:٢٤١-٢٤٨) و (ولي، ١٩٧٩:١٩-٢٠)

یەکەم ١٨٦٨ز) بۆ کاربەدەستانی عوسمانی بەرزکراوەتەوە، ٢٥٠٠٠ هۆقە[٣] لە نموونەی ئەم کانزایە لە کەشتی هومایۆن تاقیکردنەوەی لەسەر کراوە، دەرکەوتووە کە بەتەواوی لەگەڵ داواکاری دەگونجێت و بەهۆی ئەوەی بەردەوام پێویستیان بەم کانزایە هەیەو کەشتییەکانی هومایۆن ئەم کانزایە لە دەرەوە دەکڕن، داواکراوە کانزای ناوبراو بەکاربهێنرێت و بەپەلە کانزاچییەکی لێهاتوو یاریدەدەرێکی بۆ دابمەزێنرێت(زاخۆو دهۆک لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، ٢٠١٩، ل٥٤). وەک لە ئاڵوگۆڕی نوسراوەکانی کاربەدەستانی عوسمانی دەردەکەوێت دۆزینەوەی ئەم سامانەو گفتوگۆکردن لەبارەیەوە خراوەتە ئەستۆی کارگێڕی دەریایی لە بەسرە، بۆ ئەوەی دەریاوانی کاری لەسەر بکات(زاخۆو دهۆک لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ٢٠١٩: ٥٥)، لە کۆتایشدا داواکراوە بۆ دەستپێکردنی کارەکانی ئەم کانزایە لە پارەوپولی ویلایەتی بەغداد ساڵانە (١٥٠٠٠) فرانک مووچەو کە گەیشتە شوێنی مەبەست وەکو خەرجی ڕێگا (٢٥٠٠) فرانک پارە بدرێت بەو ئەندازیارەی کە لە ئەوروپاوە بۆ ئەم مەبەستە دەهێنرێت(زاخۆو دهۆک لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ٢٠١٩: ٥٣). بەپێی زانیارییەکانی ساڵنامەکان ئەو کانە خەڵووزەی نێوان زاخۆو جەزیرە کەوتۆتە شوێنێک بەناوی هەربوڵ (ئێستا سەر بە شرناخ)ە و تا حەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەم، بڕی نزیکەی (٥٠٠٠) تۆن-ی لێ براوەتە بەغداد(موصل ولایتی سالنامەدر، ١٣١٠ھ:٣٥٧). بەپێی (گراتان جیری-Grattan Geary) کە لە ساڵی ١٨٧٨ بە ناوچەکەدا تێپەڕیوە، حکومەت سەرقاڵی کارکردن بووە لەم خانەدا کە زۆر لە شارۆچکەی زاخۆوە دوور نەبووە(Geary 1878:107). گەڕان و پشکنینەکان بۆ خەڵووز ناوچە شاخاوییەکانی سەنجەقی سلێمانیشی گرتۆتەوەو هەندێ کانزایان دەستخستووە کە پێیان وابووە خەڵووزە، بەڵام دوای ناردنی نموونەی ئەو کانزا دۆزراوانە بۆ ئەنجامدانی پشکنین بۆیان دەرکەوتووە خەڵووز نەبوون، بەڵکو جۆرێک بووە لە زیفت(قیر)، هەم توانای سووتانی کەم بووەو هەمیش بەهۆی سەختی ڕێگای ناوچە شاخاوییەکان و دووری شوێنەکەی لە بەغداوە تێچووی زۆری پێویستبووە(ئینجاغا ٢٠٢٥: ٢٦١).

بەپێی توێژینەوەیەک، لە دووری چارەکە سەعاتێک ڕێ لە دەرەوەی شارۆچکەی کفری کانێکی دەوڵەمەند بە خەڵووز دۆزراوەتەوە، کە دەتوانرێت لە وەرزی ئاوزۆری ڕووباری سیروان-دیالی کە ماوەی پێنج شەش سەعاتەڕێ لە سەرچاوەکەیەوە دوورە، بە بەلەم یان کەڵەک بە ئاسانی و تێچوویەکی کەم بگوازرێتەوە بۆ کەشتییەکانی بەغداو بەسرە. وەک دەردەکەوێت، دوو( هۆقە) لە نموونەی ئەو خەڵووزە نێردراوە بۆ بەغدا، پشکنین و تاقیکردنەوەی لەسەر کراوە، دەرکەوتووە نموونەکان زۆر چەوربووەو تایبەت و بەهای سووتەمەنییەکەی بەرزبووە، لە هەموو ئەوانەی تر کە کەشتییەکان بەکاریانهێناوە بەکەڵکتربوون، بەمەش لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ دابینکردنی کانزای خەڵووز بۆ کەشتییەکانی بەغدا و بەسرە دڵنیابوونەتەوە(ئینجاغا ٢٠٢٥: ٢٦٢).

دوا بەدوای ئەو دۆزینەوەیە، بڕیاردراوە دەستبکرێت بە هەڵکەندن و دەرهێنانی کانزای ناوبراو، چونکە بۆ کارپێکردنی کەشتییەکانی نێوان بەغدا و بەسرە گرنگ بوون، کە هێزی پەنجا بارگیریان هەبووەو هەر کاتژمێرێک (٨

---

٣ () هۆقە: یەکەی کێشانەو پێوانە بوو، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە لە سەدەی نۆزدەهەم، یەک هۆقە لە شاری کەرکوک بریتیبووە لە ٢ کیلۆو ٥٦٦ گرام(شوانی ٢٠٠٩:٢٢٠)

قنطار- قینتار)[٤] خەڵووزیان پێویست بووە، هەر لەم چوارچێوەدا پێشنیارکراوە کۆگایەکی کانزای خەڵووز لە بەغداو یەکێکی تر لە بەسرە دروستبکرێت، ئەگەر بە پێویستیش زانرا کۆگای تر لە تەنیشت ڕووبارەکە دروستبکرێت و ئەو بڕە خەڵووزەی کە دەردەهێنرێت بگوازرێتەوە بۆ ئەو کۆگایانە، هەرچی خەرج و تێچوویشی هەیە تاوەکو دەرچوونی فەرمانی سوڵتانی لە داهاتی ئەیالەت پاکتاوبکرێت(ئینجاغا، ٢٠٢٥: ٢٦٢-٢٦٣).

وەک لە تێبینییەکانی (جۆن گۆردن لۆریمەر- John Gordon Lorimer)دا هاتووە، کە لە بەرواری ٢٠ی نیسانی ساڵی ١٩١٠ دا سەردانی ئەم کانە خەڵووزەی کردووە، کە کەوتۆتە گوندی (ناساڵح) لە باکوری ڕۆژهەڵاتی کفری، مێژووی کارکردن لە کانەکە گەڕاوەتەوە بۆ سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی نۆزدەیەم، لە ڕۆژێکدا نزیکەی ٢٠ وەزنە[٥] خەڵووزی بەرهەمهێناوە، کە لەلایەن ٣ کرێکارەوە بە کرێی ڕۆژانەی یەک قران (نزیکەی ٤ پێنس-pence)ی ئینگلیزی بۆ هەر کرێکارێک، وەک ڕوونیشیکردۆتەوە، ئەو ٢٠ وەزنە خەڵووزە، نزیکەی ٢٠ بارە کەری کردووە، هەر وەزنەیەکی لۆکاڵیش بریتیبووە لە٦٠ هۆقەی قستەنتینە، کە بەهاکەی نزیکەی ١٧٠ پاوەند pound-ی ئینگلیزی بووە، وەک ئاگاداریشیان کردۆتەوە، دەتوانرێت بە کرێی گەیاندنەوە، بۆ هەر بارە کەرێک بە ٧ قروش، خەڵووزەکە لە کفری وەربگیرێت، بەڵام ناردنی بۆ بەغداد بە باری کەر، بۆ هەر وەزنەیەک، یەک مەجیدی زیاتری تێدەچێت، ئەمەش وادەکات لە بەغدا نرخی خەڵووز بۆ هەر تۆنێک بگاتە نزیکەی ٥٠ شلین-shilling ی ئینگلیزی، لەکاتێکدا تێچووی هەر تۆنێکی خەڵووزی بیانی ٣ پاوەند- بەرەو سەرەوەیە. وەک لۆریمەر ئاماژەی بۆ کردووە، دوای پشکنینی خەڵووزی ناساڵح لە بەغدا، دەرکەوتووە کە کوالیتییەکی زۆر نزمی هەیە(Lorimer 1912: 6). جێی باسە ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ لە ساڵی ١٩١٢، ئاماژەی بۆ خەڵووزی کفری کردووە، وەک هاتووە لە نزیک قەزای سەلاحییە، کانزای خەڵووز دۆزراوەتەوەو پێشتر بەکارهێنراوە، ساڵانە بڕی(١٠٠،٠٠٠) سەت هەزار هۆقە خەڵووزی لێ بەرهەمهێنراوە و فرۆشراوە(موصل ولایتی سالنامەدر، ١٣١٠هـ:٨٤). ئەمەش دەوڵەمەندی قەزای کفری بە سامانی خەڵووز و بایەخە ئابورییەکەی بۆ ناوچەکە دەردەخات، بە لەبەرچاوگرتنی بایەخی ئەم کانزایە وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی دابینکردنی سووتەمەنی و کارپێکردنی کەشتی و ئامرازەکانی گواستنەوە لەو قۆناغە مێژووییەدا.

جێی سەرنجە لە زۆرێک لە ناوچەکانی تری باشوری کوردستان خەڵووز هەبووە، بەڵام سوودیان لێوەرنەگیراوە، لەوانە بۆ نموونە خەڵووزی گوندی شرانش-شرانس، لە ناوچەی دهۆک(الونداوي، مؤيد و معن، سعود٢٠٢١ :١٣٨) هەروەها خەڵووزی گردەکانی پشت هەڵەبجە، کە وەک مەیجەر سۆن نوسیویێتی: «دەڵێن بڕیکی زۆر خەڵووزی تێدایە، توخمەکەشی هاوشێوەی ئەوەیە کە لە نزیک تاران دۆزراوەتەوە (قیرین)، نەرم و ڕەش، بەڵام کاری کنەو پشکنینی تێدا نەکراوە»(سۆن، ٢٠٠٧: ٣٧).

## تەوەری دووەم: نەوت

یەکێکی تر لە کانزا هەرە گرنگەکان لە باشوری کوردستان نەوت بوو، بەناوبانگترین کانگاکانی

٤ [) ] یەک قینتار بریتیبووە لە ٢١٦ هۆقە، کە دەکاتە ٢٧٦،٤٨ کیلۆگرام(Marufoğlu ١٩٩٨:١٩٢). بەگوێرەی سەرچاوەیەکی تر یەک قینتار لە بەغدا بریتیبووە لە ٢٢٧،٥ کیلۆگرام، (هنتس، دت:٤٣).

٥ [) ] وەزنە: وەزنە: یەک وەزنە پێکهاتبوو لە چوار مەن، هەر یەک مەن بریتیبوو لە هەشت هۆقە. (بڕوانە: پەراوێزی دووەم لە: مراد، خليل علي، مختارات من كتاب الموصل و كركوك في الوثائق العثمانية: ٥٧).

نەوت و گرنگترینیان بریتییە لە کانگاکانی کەرکووک، توزخورماتوو، مەندەلی، کفری و چیاسورخ.

هەڵقوڵانی نەوتی کەرکوک (باباگوڕگوڕ) لە سەردەمانێکی زووەوە سەرنجی بیانییەکانی ڕاکێشاوەو لە نێو نوسین و یاداشت و ڕاپۆرتەکانیاندا شوێنی شیاوی خۆی گرتووەو وەک کانزایەکی گرنگ دونیای دەرەوەی لێ ئاگاداربۆتەوە، ج. ئۆتەر- Jonas Otter (١٧٣٦)، کارستن نیپور- Carsten Niebuhr(١٧٦٦) و گیوم ئەنتوان ئۆلیڤییە- Guillaume Antoine Olivier(١٧٩٤-١٧٩٦)، جیمس بێکنگهام-James Buckingham(١٨١٦)، لیکلاما نیجهۆلت-Lycklama Nijeholt(١٨٦٥) (عبدالعزیز ٢٠١١: ٥٧-٦١) و چەندین بیانی تر ئاماژەیان بۆ نەوتی کەرکوک کردووە. بەپێی تێبینییەکانی گراتان جیری، کانە زۆرەکانی نەوت لە دەوروبەری کەرکوک، ناوبانگێکی تایبەتی بەم شارە بەخشیوەو هەلی کاریشی بۆ زۆرێک لە خەڵکەکەی دابینکردووە، وەک تێبینیکردووە، زۆرترین نەوت لە گردەکانی دەوروبەری شارەکە هەیە، بەڵام برێکی باشی لەسەر ڕووی ئاوی ناو کانی و حەوزە وەستاوەکان کۆدەکرایەوە. دوای پاڵاوتەکردن هەناردەی بەغدا دەکرا، بۆ ڕووناککردنەوەی شارەکە((Geary 1878:16، دمۆرگان-یش ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە ئەو کێڵگە نەوتیانە لە داوێنی زاگرۆس(چیاکانی نووا و ئاهەنگەران و سەگرمە و قەرەداغ) هەڵکەوتوون و ئاراستەیان بەگشتی باکوری ڕۆژئاوا بۆ باشوری ڕۆژهەڵاتە، یەکێک لە گرنگترینی ئەم ناوچە نەوتیانە کەرکووکە(دمۆرگان، ٢٠١٢: ١٠٦-١٠٧).

جیاوگی نەوتی باباگوڕگوڕ لە کەرکوک بە فەرمانێکی هەمایۆنی لە ساڵی (١٨٧٢) سپێردرابوو بە بنەماڵەی نەفتچی زادە(عبدالعزیز، ٢٠١١، ٥٥-٥٦)، بەشەکانی تری نەوتی شارەکە سەر بە موڵکی هەمایۆنی بوون و ساڵانە بە ئیلتیزام پێیاندەدرا(موصل ولایتی سالنامەدر ١٣١٠هـ:٢٨٤). نەوت بە ئامراز و کەرەستەی سەرەتایی و سادە لە کانەکاندا دەردەهێنراو ئاڵوگۆڕی بازرگانیان پێدەکرد(بصري، ١٩٤٨:،٧٤). مەیجەر سۆن لە ڕاپۆرتێکدا، کە لە کۆتاییەکانی دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم نوسیویێتی، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، لە نزیک کەرکوک، لە شوێنێک پێی دەوترێ نەفت تەپە، سێ چاڵ لەسەر گردێ هەیە، کە بەشێوەیەکی هەمیشەیی تا لێوارەکەی لە هەموو لایەکەوە پڕە لە نەوتی ڕەش و مادەیەکی لینج، لەلایەن هاوڵاتییەوە بەکاردەهێنری و لەناو تەنەکە کۆنەی نەوتی سپیدا هەڵی دەگرن و بازرگانییەکی باش بەم مادەوە دەکرێ و دەبرێت بۆ کفری و ئاڵتون کۆپری(پردێ) و هەولێر و کۆیسەنجەق(کۆیە). (سۆن ٢٠٠٧: ٣٧). بەم جۆرە دەردەکەوێت نەتوانراوە بەشێوەیەکی پێشکەوتوو سوود لە نوتی ناوچەکە وەربگیرێت.

ڕاپۆرتێکی بازرگانی کە بۆ وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسی بەرزکراوەتەوە، لە بەرواری ٣٠ی ئابی ساڵی ١٨٧١، کارەکانی دەرهێنان و پاڵاوتن و بەبازارکردنی نەوت لە ناوچەی مەندەلی و دەوروبەری بەشێوەیەکی ورد تۆمارکردووە، کە تێگەیشتێکی ورد دەخاتە سەر بونیادی ئابوری ئەم کەرتە تازەپێگەیشتووە. بەپێی ڕاپۆرتەکە لەو ساڵەدا ناوچەی مەندەلی چالاکییەکی نەوتیی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ژمارەی کانە نەوتییەکانی لە سێ کانیاو زیاتر بووە. کارەکانی دەرهێنان تێیاندا پشتیان بە تەکنیکە سەرەتاییەکان بەستبوو، کە بریتی بوون لە هەڵکەندنی زەوی تا قووڵاییەکی سنووردار کە چەند مەترێک بوو. هەر سێ بۆ چوار ڕۆژ جارێک، نەوتەکەی کۆدەکرایەوەو بە جەوەنەی

چـەرم دەگـوازرایـەوە بـۆ مـەندەلی، بۆ پاڵاوتنی. گواستنەوەی نەوتی خاو بۆ مەندەلی بەهۆی نارێکی ڕێگاکانەوە ڕوبەڕووی ئاستەنگ و نارەحەتی زۆر دەبـوویـەوە، بەتایبەت کە کانەکان دوو بۆ سێ کاتژمێر لە مەندەلییەوە دووربوون[٦]، ئامرازەکانی گواستنەوە بریتیبوو لە کەر-گوێدرێژ، هەر کەرێک سێ جەوەنە نەوتی هەڵدەگرت، بە تێچووی چوار قروش لەگەڵ نیو جەوەنە نـەوت وەک کرێیەکی ماددی. کۆی تێچووی گواستنەوەی دوو جەوەنەو نیو نـەوت بە ١٤ قـروش بـووە، لە کاتێکدا نرخی فرۆشتنی دوو جەوەنە نەوتی خاو لە نێوان ٢٥ بۆ ٥٥ قـروش بـووە، بەپێی وەرزەکــە، بە تێکڕا دەیکردە ٤٠ قروش(عیساوي ١٩٩٠:،٥٨٤). ئەمەش بەو مانایەیە کە تێچووی گواستنەوە ٣٥٪ی نرخی فرۆشتنی پێکهێناوە، کە ئاماژەیە بۆ کاریگەری بەرچاوی لۆجیستی لەسەر ڕێژەی قازانج.

حکومەتی عوسمانی کارگەیەکی پاڵاوتنی لە شاری مەندەلی دامەزراندبوو، کە پشتی بە تەکنەلۆژیای سادەی پاڵاوتن دەبەست، بە بەکارهێنانی مەنجەڵی مس، کارگەکە هەشت مەنجەڵی لەخۆگرتبوو، کە توانای هەریەکەیان ٣٢-٣٥ جەوەنە بوو، بەو پێیەی هەر جەوەنەیەک ٢٥ هۆقە بوو هەر مەنجەڵێک لە نێوان ٨٠٠ بۆ ٨٧٥ هۆقەی دەگرت، هەر یەک پرۆسەی پاڵاوتن لە ئامادەکردنەوە تاوەکو بەرهەمهێنان پێنج کاتژمێری دەویست، لە ٢٤ کاتژمێردا سێ پرۆسەی پاڵاوتن ئەنجامدەدرا ، بە ڕێـژەی بەرهەمهێنانی نزیـکەی ٤ کوپـە (نـزیـکـەی ٣٦ هـۆقـە) بـۆ هـەر مەنجەڵێک. ڕێـژەی گۆڕین لە بەرهەمی خـاوەوە بۆ بەرهەمی پاڵاوتەکراو ٣٨,٣٪ بوو، ڕێژەیەک کە ڕەنگدانەوەی ئەو تەکنەلۆژیا سنووردارانەی پاڵاوتن بوو کە لـەو کاتەدا بـەردەسـت بـوون. (عیساوي، ١٩٩٠:،٥٨٥)، جێی ئاماژەیە کارگەی پاڵاوتنی نەوتی مەندەلی بە یارمەتی هەندێک لە پسپۆڕانی ئەڵمانی، لە سـەردەمـی والـی بەغدا مەدحەت پاشـا(١٨٦٩-١٨٨٢) دامەزرا(خلیل ١٩٨٠:١٩).

بەپێی ڕاپۆرتە بازرگانییەکە، ئامارەکانی ماوەی شوباتی ١٨٧٠ تاوەکو شوباتی ١٨٧١ بەرهەمهێنانی نەوت لە پاڵاوگەی مەندەلی بریتیبووە لە ١٥٢٥٢ هۆقە نەوتی پاڵاوتەکراو کە لە ٣٩٧٢٥ هۆقە نەوتی خاو دەردەهێنرا. کۆی بەرهەمی ئەو کانانە ١٦٧,٥٠٠ هەزار هۆقە بووەو تێکڕای ڕۆژانە بریتیبووە لە ٤٥٨ هۆقە. بەبازاڕکردنی ئەم نەوتە لە دوو ڕێگاوە بوو، یەکێکیان بازاڕی ناوخۆیی بۆ ئەو عەرەبانەی کە پاشماوە قورسەکەیان بە بڕی ١٨ قروش بۆ هەر ٥٠ هۆقە (٠.٣٧٥ قروش بۆ هەر هۆقەیەک) دەکڕی، ئەویتریان بازاڕی بەغدا بوو کە نەوتە پاڵاوتەکەیان لە کوپەی مسدا بۆ ئـەوێ دەگواستەوە. تێچووی گواستنەوەی نەوتی پاڵاتەکراو لە مەندەلیەوە بۆ بەغدا بریتیبوو لە ٥٠-٥٥ قروش بۆ هەر ٦ کوپە کە ٥٤ هۆقە نەوتی تێدابوو، ئەمەش یەکسانە بە تێچووی گواستنەوەی نزیکەی یـەک قـروش بۆ هـەر هۆقەیەک(عیساوي ١٩٩٠:٥٨٥). هـەر بۆیە تورکە عوسمانییەکان نەوتەکەیان بە باشی پاڵاوتە نـەکـردووەو لـە کاتی سووتاندنیدا بۆنێکی زۆر ناخۆشی هەبووە، لە ئەنجامدا وردە وردە نەوتی ئەمریکی کـە پیدەچێت لـە ڕێـگـەی کەشتییەکانی بەریتانیاوە هاتبێتە کـەنـداو لە ماڵە تایبەتەکانی بەسرە و بەغدا جێگەی نەوتی خۆماڵی گرتۆتەوە. (Geary 1878: 16).

---

[٦] بەپێی خورشید باشا کانەکانی نەوتی مەندەلی کەوتبوونە چیاکانی خـوردە، لە دووری نزیکەی حـەوت سەعاتە ڕێ لە سەرووی شارۆچکەی مەندەلی، ئەو نەوتەی تێیدا بەرهەمدەهات لە ناوچەکانی مەندەلی و قەزانیەو دێ شێخ و قزلڕەبات و شارەبان و سەرجەم ناوچەکانی دەوروبەری، لە جیاتی مۆم بۆ ڕۆشنکردنەوە بەکاردەهێنرا. (خورشید باشا ٢٠٠٩:١٧٦-١٧٧).

ڕاپـۆرتـەکـە هـەروەهـا ئـامـاژەی بـە بـوونـی چـوارده بیره نـەوت کـردووه له نـاوچـەی کفری و دوزخـورمـاتـوو، کە بەرهەمی ساڵانەی بە نیو ملیۆن هۆقە مەزەندە دەکرێت، ئەمەش وایکردووە ئەم دوو ناوچەیە نزیکەی سێ ئەوەندەی مەندەلی بەرهەمدارتر بێت(عیساوی، ١٩٩٠:،٥٨٥)، بەتایبەتیش ناوچەی خورماتوو کە بەپێی یەکێک لە گوتارەکانی گۆڤاری (لغة العرب)، بە یەکێک لە دەوڵەمەندترین ناوچە نەوتییەکان دانراوەو نەوتەکەی کە لە پانتایی پتر لە میلێک درێژدا لە زەوییەوە دەردێ. وەک لە گوتارەکەدا هاتووە ئەگەرچی بارودۆخ لە لەم ناوچەیەدا لەبارە بۆ کونکردنی زەوی یان هەڵکۆڵینی، بەڵام بڕی دەرهێنراوی نەوت بەندە بە تواناو وزەی خەڵکەکەیەوە، کە لەم ڕووەوە ئامرازەکانی دەرهێنان و گواستنەوە لەوپەڕی سادەییدایەو خەڵکەکەی ئەم مادە شلە گرانبەهایەیان دەخەنە نێو پێستەو بە پشتی وڵاخ دەیگوێزنەوە(کورد و کوردستان لە گۆڤاری (لغة العرب)دا ١١٨:٢٠٢٤).

سـەربـاری هـەر تێبینییەک لەسەر ئـەو داتـا و ژمارانە، ئەم زانیارانە چالاکییەکی ئابوری نەوتیی ڕێکخراو لە باشوری کوردستان ئاشکرادەکەن لە ڕۆژگاری عوسمانیدا، کە بە چەند تایبەتمەندییەکی گرنگ جیادەکرێتەوە لەوانە خاوەندارێتی حکومەتی عوسمانی بۆ سەرچاوە نەوتییەکان و بەڕێوەبردنی ڕاستەوخۆی بۆ کارەکانی بەرهەمهێنان هەروەها پیادەکردنی نموونەیەکی ئابوری کە تێکەڵەیەکە لە دەرهێنانی دەستی و پاڵاوتنی نیمچە پیشەسازی. لەلایەکی تریشەوە زانیارییەکان بوونی تۆڕێکی بـازاڕکـردن ئاشکرادەکەن کە خزمەت بە بـازاڕە ناوخۆیی و ناوچەییەکان دەکات.

یـەکـێکی تـر لـە کـانـگـا گـرنـگـەکـانی بـاشـوری کوردستان کانگای چیاسورخ بـوو، کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئـاوای خانەقین کە ناوچەیەکی سنووری جێناکۆک بووە لەنێوان دەوڵەتی قاجاری و عوسمانیدا، تاوەکو بەگوێرەی "پرۆتۆکۆلی ئەستانە" لە ساڵی ١٩١٣ لە بـەرژەوەنـدی عوسمانییەکان چارەنوسی یەکلایکرایەوە. نەوتی چیاسورخ لە نـاوەڕاسـتـەکـانی سـەدەی نـۆزدەهـەم سەرنجی (لفتوس)ی ڕاکێشاوە، کە وەک پسپۆری زانستی یـاوەری کۆمیسیۆنی سنووری عوسمانی-ئێرانی کردووە(کریم، ٢٠١٩: ١٠٣). دوابەدوای ئەویش لە ساڵی (١٨٩٢) ژاک دومۆرگانی فەرەنسی، سەرنجی دەسـەڵاتدارانی ئێرانی بۆ نەوتی چیا سـورخ و ئەگەرەکانی سوودلێوەرگرتنی بۆ ئـابوری ئەو وڵاتە ڕاکێشاوە(دومورگان ١٠٧:٢٠١٢). ئەوەبوو دوای بەدەستهێنانی جیاوگی نەوتی ئێران لەلایەن (ولیەم نۆکس دارسی)وە، لە بەرواری ٢٨ی ئایاری ١٩٠١، هەنگاوەکان بۆ پراکتیزەکردنی ناوەرۆکی ئـەو جیاوگە دەستپێکرد، چیاسورخ بوو یەکەم شوێنی باشوری کوردستان و تەواوی ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاست کە پرۆسـەی هەڵکۆڵینی نەوتی تێدا ئەنجامبدرێت(کریم ٢٠١٩: ١٠٤-١٠٧).

دەسەڵاتدارانی عوسمانی، بە تایبەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، ئاگا نـەبـوون لەمەڕ بایەخی ئەو نەوتەی لە باشوری کوردستاندا هەبوو هەوڵیاندا بیخەنە ژێر چاودێری خۆیان، ئەوەبوو بە فەرمانێکی سوڵتانی لە ٦ی نیسانی١٨٩٠ مۆڵەتی دۆزینەوەو جیاوگی نەوتی لە ناوچەکانی ویلایەتی مـوسـڵ، کە زۆریـنـەی هـەرە زۆری ناوچەکانی باشـوری کوردستانی لەخۆدەگرت بەستەوە بە کارگێڕیی گەنجینەی سوڵتانی(عبدالعزیز، ٢٠١١: ٧٣-٧٤). ئامانجی سەرەکی سوڵتان عەبدولحەمید لە دەرکـردنی ئـەم فەرمانە کۆنترۆڵکردنی کانگا نەوتییەکانی ناوچەکە و زیادکردنی بوو بۆ سامانی

کەسی سوڵتان، بەوجۆرە تاوەکو ساڵی ١٨٩٩ مۆڵەتی هەموو کێڵگە نەوتییەکانی لە ویلایەتەکانی موسڵ و بەغدا قۆرخکرد و خستنیە سەر لیستە مەدەنییەکانی خودی سوڵتان(سلیمان ١٩٨٥:٥١). هەروەها یەکێکی تر لە پاڵنەرەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەم بڕیارە ئەوەبوو کە لە گرنگی بەرزبوونەوەی بەهای کانزای نەوت وەک سەرچاوەیەکی ستراتیژی تێگەیشتبوو، بەتایبەتیش دوای ڕاپۆرتەکەی (کالوست سەرکیس گولبەنکیان-Calouste Sarkis Gullbenkiam )، کە تیایدا ئەوەی خستبووەڕوو مێسوپۆتامیا، بەتایبەتیش ویلایەتی موسڵ، کە گەنجینەیەکی شاراوەی یەکجار گرنگی نەوتە(Daniel 1992:103). بەدیوێکی تردا ئەم بڕیارە وایکرد کۆمپانیا تایبەتەکان لە هەموو مۆڵەتێکی نەوتی ئەو ناوچانە بێبەشبن(حسین ١٩٧٧:٣٠٣). هەروەها دەکرێت ئەم بڕیارە لە چوارچێوەی هەوڵەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، بۆ پاراستنی دەسەڵاتی عوسمانی بەسەر سەرچاوە سروشتییە ستراتیژییەکان و ڕێگریکردن لە دەستبەسەراگرتنی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن هێزە ئەوروپاییەکانەوە لێکبدرێتەوە. ڕاستی ئەم ئاراستەیە لە قۆناغەکانی دواتردا دەرکەوت ئەو کاتەی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٠٤، مۆڵەتی گەڕانی بەدوای نەوتدا لە ویلایەتی موسڵ بەدەستهێنا، پێشتریش لە ساڵی ١٨٩٩ جیاوکی ڕێگای ئاسنی بەرلین-بەغدای بەدەستهێنابوو. ئەم بڕیارەش کاریگەری خۆی لەسەر گۆڕەپانی ئابوری لە ناوچەکە جێهێشت، چونکە زۆری نەبرد ئەم مۆڵەتانە بوونە شوێنی ململانێی نێودەوڵەتی لەسەر نەوتی باشوری کوردستان، بەو پێیەی ئەو ململانێیە لە نێوان کۆمپانیاکاندا چارەسەرنەکرا، بەتایبەتی کۆمپانیاکانی بەریتانیاو ئەڵمانیا، دواجار هەردووڵا ناچاربوون بە دامەزراندنی کۆمپانیایەکی تایبەت چارەسەرییکەن لە ساڵی ١٩١١، کە لە ساڵی دواتردا ناوی کۆمپانیای نەوتی تورکی لێنرا، کە ماوەیەکی کەم پێش سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤، توانی مۆڵەتێک بۆ دەرهێنانی نەوت لە ویلایەتی موسڵ لە دەوڵەتی عوسمانی بەدەستبهێنێت. بەڵام لە دوای جەنگی نێوبراو هەر لایەنێک بە تەنیا دەستی بە کارکردن کرد(ابراهیم ٢٠٠٤:١٧٩-١٩٠).

تەوەری سێیەم: کانزاکانی تر

لە چوارچێوەی گرنگیدان بە سامانە سروشتییەکانی ناوچەکە، ساڵنامەکانی عوسمانی ئاماژە بەچەندین جۆری تری کانزا دەکەن لەوانە: ئاسن و قورقۆشم و مس و گۆگرد و زیو و زێڕ لە ئامێدی و دەوروبەری، بەتایبەتی لە بەرواری باڵا کە هێشتا هیچیان کاریان تیا نەکراوە(موصل ولایتی سالنامەدر، ١٣١٠هـ:١٣١). ئۆستن هنری لایارد-Austen Henry Layard کە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەیەم، سەردانی ناوچەکەی کردووە، وەک تێبینیکردووە، لە ناوچەی ئامێدی لەو بەرزاییانەی کە دەڕواننە گوندی لێزان و دەشتاییەکانی بەرواری، بڕێکی زۆر ئاسن و مس و قورقۆشم و کانزای تری هەبووە. دانیشتوانی ئەو ناوچەیە، ئەو کانزایانەی کە لە ئەنجامی لافاو لە ناوچە بەرزەکانەوە بەو ناوەدا پەرشوبڵاوبونەتەوە، کۆکردۆتەوەو تواندویانەتەوەو چەک یان کەرەستەی کشتوکاڵییان لێ دروستکردووە(لایارد ٢٠٠٥:٤٨). ئەم جۆرە قۆرخکردنە سەرەتاییە، کە پشت بە تەکنیکە نەریتییەکان دەبەستێت بەبێ بەکارهێنانی پشکنینی مۆدێرن یان شێوازی هەڵکۆڵینی قووڵ، ڕەنگدانەوەی کەلێنی تەکنەلۆژی

گەورەیە لە نێوان باشوری کوردستان و ناوەندە پیشەسازییە ئەوروپییەکان کە لە هەمان قۆناغدا تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی کانەکان و توانەوەیان بەکاردەهێنا(العمری ٢٤:٢٠٢٤). بەدیوێکی تردا بەکارهێنانی سنووورداری ئەم سەرچاوانە بۆ چەک و ئامرازە کشتوکاڵییەکان ئاماژەیە بۆ خۆبژێوی ناوخۆیی و دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان.

بەگوێرەی توێژینەوەیەک کە لەبەر رۆشنایی بەڵگەنامەکانی وەزارەتــی دەرەوەی بریتانی نوسراوەتەوە، ئەو کانزا ئاسنەی کە لە بەرزاییەکانی سەرگوێزە-ی باکوری ئامێدی هەبووە رێژەکەی زۆربـــووەو بۆ کارکردن گونجاوبوون، بەڵام لەبەر نەبوونی ئاسایش لە ناوچەکە دەستی لێ هەڵگیراوە(الونداوي، مؤيد و معن، سعود ١٣٨:٢٠٢١-١٣٩). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە ئاسنگەرەکانی ناوچەکە ئاسنیان لە خاکەکەی دەردەهێناو بە ئاگر دەیانپاڵاوت، بەشێکی لە ناوخۆدا بەکاردەهێنراو لە زۆربەی ساڵەکانیشدا هەناردەیان دەکرد بۆ شام، بەڵام بەهۆی باجە زۆرەکانی حکومەتی عوسمانییەوە، کە بەسەر پیشەگەرەکاندا سەپێندراوە، زۆربەیان ناچاربوون دەستی لێ هەڵبگرن و جێیبهێڵن(الدوسكي ٢٠٠٧ ٣٥٣-٣٥٤).

ناچارکردنی ئاسنگەرەکان بۆ وازهێنان لەم پیشەیە بە تەنها بریتیی نەبوو لە گۆڕینی پیشەیەک، بەڵکو مانای هەڵوەشاندنەوەی پەیکەری کۆمەڵایەتی-ئابوری بوو کە بەدرێژایی نەوەکان دروستکرابوو. ئاسنگەرەکان تەنها کرێکار نەبوون، بەڵکو پیشەگەر بوون کە خاوەنی زانیاری تایبەتمەند و پێگەی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆیان هەبوو، لەلایەکی ترەوە وازهێنان لە پیشە بە واتای لەدەستدانی سەرچاوەی داهات، ئەمەش بووەتە هۆی هەژاری پیشەگەران و خێزانەکانیان و ڕەنگە کۆچکردنیان بۆ شارەکان یان تێوەگلانیان لە پیشە پەراوێزییەکان بە داهاتی کەمتر. پێش سەپاندنی باجی قورس خەڵکی ناوچەکە ئامرازو تفاقی کشتوکاڵی لە ناوخۆدا بەرهەم دەهێنا، ئەمەش جۆرێک بوو لە سەربەخۆیی ئابوری ڕێژەیی، بەڵام دوای دارمانی پیشەکە، دەبوو ناوچەکە پشت بە هاوردەکردن لە موسڵ و ناوچەکانی تر ببەستن، ئەمەش بێگومان دەبووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخ و لەدەستچوونی سەرمایەو لاوازبوونی ئابوری ناوخۆیی. بەدیوێکی تردا وابەستەبوونی خەڵکی ناوچەکەی بە دەسەڵاتی ناوەندییەوە قووڵتردەکردەوە، چونکە تێکدانی بنکەی ئابوری ناوخۆیی وادەکات ناوچەکە لە ڕووی سیاسییەوە لاوازتر بێت و زیاتر ملکەچی ناوەند بێت.

وەک دەردەکەوێت ئەو باجانە کاریگەری بەرچاوی لەسەر قۆرخکردنی ئاسنی ناوچەکە هەبووە، بەو پێیەی کاربەدەستانی لۆکاڵی عوسمانی سکاڵای خۆیان لەبارەی کاریگەرییە خراپەکانی ئەو باجانەوە گەیاندۆتە دەسەڵاتدارانی باڵا، بەڵام هیچ سوودێکی نەبووە، ئەمەش لە میانەی گفتوگۆیەکی نێوان قایمقامی ئامێدی و گەشتیارێکی فەرەنسیدا ڕووندەبێتەوە، کاتێک لە (٥ی تشرینی یەکەمی ١٨٨٥)، سەردانی کردووەو، وەک نوسیویێتی: «ئەو زۆر گلەیی لە نەبوونی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی سەرۆکەکانی دەکات، کاتێک بەم دواییانەدا گوێی لە باجی کانەکان بووەو سەردانی کردووە، پێی ڕاگەیاندووە کە دەرهێنانی ئەو کانزایانە بۆ دەوڵەت زۆر بەسوودە، بەڵام وەڵامەکەی ئەوە بووە کە بابەتەکە لە شانی ئەودا نییەو لەمەودا نابێ خۆ لەم جۆرە ئیشانە هەڵقورتێنێ.»(بندیە ٣٦:٢٠٢١). ئەم وڵامە بۆ تێگەیشتن لە قەیرانی سیستەمی ئابوری عوسمانیی لە سەدەی نۆزدەهەم، ڕەهەندێکی

گرنگ دەخاتەڕوو، بەتایبەتی لەو هەرێمانەی کە لە ناوەندەوە دووربوون، کە بەهۆی نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان کاربەدەستانی خۆجێیی و ناوەند، وەک لە سکاڵاکەی قائیمقامی ئامێدیدا هاتووە، دوچاری نارەحەتی و نائومێدی زۆر دەبوونەوە. بەڵام پرسیارێکی گرینگ کە لێرەدا خۆی دەسەپێنێت، ئەوەیە: ئایا ئەو سیاسەتی باجە قورسە هەڵەیەکی کارگێڕی بوو، کە لە کورتبینییەوە سەرچاوەی دەگرت، یان سیاسەتێکی بە ئەنقەست بوو، بۆ لاوازکردنی توانای ئابوری ناوچەیەک کە تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆی و مێژوویەکی درێژی هەبوو لە سەربەخۆیی؟ پێدەچێت ئەم سیاسەتی باجە نیشانەی "کورتبینی ئابوری" بێت، کە لەو قەیرانە داراییە درێژخایەنەوە سەرچاوەی گرتبێت دەوڵەت لە سەدەی نۆزدەهەمدا دوچاری بوبوو، کە تێیدا داهاتی باجی خێراو دەستبەجێی لە پێشینەی وەبەرهێنانی درێژخایەن پێ باشتربوو، کە لە مەودایەکی دوورتردا داهاتی زیاتری لێ دەکەوێتەوە. ئەم سیاسەتەش هاوشێوەی ئەو سیاسەتەیە کە ئابوریناسان لە قۆناغەکانی دواتردا ناویان لێناوە "نەفرەتی سەرچاوە-**Resource Curse**"، کە پەیوەندی نەرێنی نێوان سەرچاوە سروشتییەکان و گەشەی ئابوری پیشاندەدا(منصور ٢٠١٥: ١٧٩-٢٠٧).

بەپێی نوسراوێک کە موتەسەڕفی موسڵ، لە بەرواری (١٨ی زیلقیعدە ١٢٧٢-٢١ی تەموز١٨٥٦)، بۆ ئەنجومەنی باڵای عوسمانی نوسیوە، بەگزادەیەکی فەرەنسی کە سەردانی ویلایەتی بەغداو موسڵ-ی کردووە لە کاتی سەردانیکردنیدا بۆ کەرکوک و هەولێر، دوای بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە ئەنجامدا بۆی دەرکەوتووە لە هەولێر کانزای زێڕ هەیەو بەچاوی خۆی بینیوێتی، ئەوەشی دووپاتکردۆتەوە کە لە ئەو جۆرە کانزایە لە ئەمریکاش هەیە و بەخەرجییەکی کەم دەردەهێنرێت. وەک لە نوسراوەکەدا دەردەکەوێت ئەم بەگزادە بە ڕاپۆرتێک ئەم زانیارانەی بۆ فەرەنسا ناردووە، لە ڕاپۆرتەکەدا نوسیوێتی: لە ڕووباری قەزای هەولێر هەندێک کات بەدوای ئەم زێڕەدا دەگەڕێن، کە بەقەد تەنکی کاغەز وایە. لەم ناوچەیە قسەو باسی ڕاست هەیە کە کانزای زێڕ لەم ناوچەیە دۆزراوەتەوە و دەتوانرێت بە خەرجییەکی کەم دەربهێنرێت، بۆ ئەم مەبەستە بە زانیاری نەزارەتی خەزینەی تایبەت، ئەندازیار (مۆسیۆ دویانی) بەلجیکی بەم کارە پسپێردرێت، یان کەسێکی شارەزاو لێهاتوو هەڵبژێردرێت و بۆ خەرجی ڕێگا بڕیک پارەی پێ بدرێت، بۆ ئەوەی بێت و لەبارەی ئەم کانزایەوە لێکۆڵینەوە بکات، نموونەشی ببات، ئەگەر دەرکەوت گرانبەهایە، ئەوا کاری گونجاو ئەنجام بدەین(هەولێر لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا ب١، ٢٠٢١: ٧٩). هەر لەم بارەوە والی شارەزوور بە نوسراوێک لە (٥ی ڕەبیعی یەکەم ١٢٧٣-٣ی تشرینی دووەم ١٨٥٦) داوای لە نەزارەتی خەزینەی تایبەت کردووە بۆ ئەم مەبەستە کاری پێویست بکات(هەولێر لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا ١٧٠٥-١٩١٢، ب١، ٢٠٢١: ٨٧). لە ڕاستیدا هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی لەسەر دەرهێنانی زێر لە هەولێرو دەوروبەری لەبەردەستدا نییە، ئەمەش گومان دەخاتە سەر بوونی کانزای زێڕ بە ڕێژەیەکی ئابوری لەم ناوچەیە.

بەپێی بەڵگەنامەی گەڕان و هەڵکەندن کە لە ١٩ی نیسانی ١٩١١، پێشکەش بە وەزارەتی دارستان و کانەکان کراوەو نەخشەیەک کە بەرواری ١٩ی نیسانی ١٩١١ دانراوە، سێ ناوچە لە سەنجەقی سلێمانی چەندین کانزا و سامانی سروشتی بەنرخی تێدابووە: یەکەمیان لە ناوچەی ناوەندی

سلێمانی بووەو دووەمیان لە بازیان و سێیەمیان لە شارباژێر بووە، وەک لە سەرچاوەکەدا هاتووە کانزاکان بریتیبوون لە زێڕ، زیو، پلاتین، جیوە، کاربۆن، ئاسن، فسفۆر، مس، زینک، کرۆم، مەنگەنیز، ئەنتیمۆن، ئەلەمنیۆم، گۆگرد، خەڵووز، زینک، نەوت و قیر و خوێ(Rashid, 2023, p.150-154). بەپێی ساڵنامەکانی عوسمانیش لە تەنیشت دوزخورماتوو کێڵگەیەکی گەورەی خوێ هەبووە کە سەر بە کارگێڕی قەرزە گشتییەکانی عوسمانی بووە(موصل ولایتی سالنامەدر ١٣١٠ھ:٨٤-٨٥). بەرهەمی ساڵانەی ئەم کێڵگەیە بە (٦٠٠,٠٠٠) هۆقە خەمڵێندراوە، کێڵگەکەی (جبل حەمرین)یش بەرهەمی ساڵانەی بە (٢٠٠,٠٠٠) هۆقە(البوتاني ٢٠٠٧:١١٣).

ئەڵبەتە لێکۆڵینەوە جیۆلۆجییە نوێییەکان، ئاماژە مێژووییەکان لە بارەی دەوڵەمەندی باشوری کوردستان بە سامانە کانزاییەکان پشتڕاستکردۆتەوە. توێژینەوە هاوچەرخەکان ئاماژە بە بوونی یەدەگێکی گەورەی نەوت دەکەن لەم ناوچەیە، کە بە نزیکەی ٤٠ ملیار بەرمیل دەخەمڵێنرێت(الجنابي، ٢٠٢٠:٢٢٥). توێژینەوەکان هەروەها بوونی یەدەگێکی گەورەی قورقۆشم لە ناوچەی ئامێدی سەلماندووە، کە بە نزیکەی ٥٠ ملیۆن تۆن مەزەندەدەکرێت، کە چڕیی کانزاکەی لە نێوان٠,٩-٥,٦٪دایە، ئاستێک کە بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان بە گونجاو دادەنرێت بۆ وەبەرهێنانی ئابوری. هەروەها کانزای ئاسنی ئاگرین لە ناوچەی زاویتە لە دهۆک و پێنجوێن لە شاری سلێمانی هەیەو ڕێژەی ئاسنی لە نێوان ٣٠بۆ ٥٠٪ دایە. هەروەها ئەم کانزایە لە گەرووی دەربەند ڕانیە لە پارێزگای سلێمانی هەیە، بەڵام ڕێژەی ئاسنەکەی لە نێوان ١٦- ١٨٪ دایە، هەروەها لێکۆڵینەوەکان بوونی زیویان پشتڕاستکردۆتەوە کە لەگەڵ کانزاکانی قورقۆشم و زینکدا لە دهوک بوونی هەیە(الجنابي ٢٠٢٠:٢٢٥). ئەمەش سەلماندوویەتی کە ئاماژەکانی ساڵنامەکانی عوسمانی بۆ زیو دروستبووە و لەسەر بنەمای واقیعی جیۆلۆجی ڕاستەقینە بووە، تەنانەت ئەگەر کارگێڕی عوسمانی توانای تەکنیکی نەبووبێت بۆ دیاریکردنی قەبارەی ئەم یەدەگانە یان قۆرخکردنیان لە ڕووی ئابورییەوە. سەبارەت بەو ئاسنەی کە بە شێوازە سەرەتاییەکان لە ناوچەی بەرواری دەرهێنراوە، لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە بوونی کانزا ئاگرینەکانی لە ناوچەکانی زاویتەی شاری دهوک سەلماندووە، دەرکەوتووە کە ڕێژەی کانزاکانی لە نێوان ٣٠-٥٠٪ دایە(الجنابي، ٢٠٢٠:٢٢٥). ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر بەرزە کە پشتڕاستی دەکاتەوە کە ناوچەکە لە ڕاستیدا خاوەنی سامانێکی ئاسنی ستراتیژی بووەو لە ڕۆژگاری عوسمانیدا بەشێوەیەکی دروست قۆرخنەکراوە.

ئەنجام:

باشوری کوردستان لە ڕووی سامانە کانزاییە جۆراوجۆرەکانەوە زۆر دەوڵەمەندبووە، خاکەکەی چەندین جۆری کانزای وەک خەڵووز و نەوت و ئاسن و قورقۆشم و مس و گۆگرد و زیو و زێڕ و خوێ و چەندین کانزای دیکەی تێدابووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گرنگییە ئابورییە شاراوەکانی ناوچەکە، کە بە شێوەیەکی گونجاو سوودی لێ وەرنەگیراوە و قۆرخکردنیان سنووردار بووە، بە هەوڵی سادەی ناوخۆیی ئەنجام دراون، بەجۆرێک خەڵکی ناوچەکە کانزاکانیان خەڵوز و نەوت و ئاسنیان بە شێوازی سەرەتایی دەردەهێنا، وەک سەرچاوەیەک بۆ وزەو ڕۆشنایی و لە دروستکردنی چەک و بۆ مەبەستەکانی تر بەکاریانهێناوە، بەبێ بوونی وەبەرهێنانێکی ڕێکخراو یان هیچ جۆرە پرۆژەییەکی دەرهێنانی گەورەی مۆدێرن. ئەمەش ڕەنگدانەوەی بێتوانایی کارگێری عوسمانی پیشاندەدات لە پەرەپێدانی

ژێرخانی پێویست و ڕاکێشانی وەبەرهێنانی پێویست بۆ ئەوەی ئەو توانایانە بگۆڕێت بۆ داهاتی ئابوری ڕاستەقینە کە هەم بۆ دانیشتوان و هەم دەوڵەت لێی سوودمەندین.

سیاسەتی باجی عوسمانی یەکێک بووە لەو سیاسەتانەی کاریگەری نەرێنی لەسەر پاشەکشێی چالاکی کانزایی هەبووە لەم ناوچەیە، بەو پێیەی دەوڵەت باجی زۆری لەسەر دەرهێنان و هەناردەکردنی کانزاکان سەپاندووە، ئەمە وایکردووە پیشەسازی و وەبەرهێنانی ناوخۆیی تێیدا بەدواکەوتووی بمێنێتەوە و پەرەنەسێنێت. بەدیوێکی تریشدا دەڤەرەکانی باشوری کوردستان، بەهۆی دووریان لە پایتەختەوە، تووشی پشتگوێخستنی کارگێڕیی عوسمانی بونەتەوە، سەرەڕای ڕاپۆرتی فەرمانبەرانی ناوخۆیی سەبارەت بە گرنگی قۆرخکردنی کانزاکان، بەڵام دەسەڵاتی ناوەندیی گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەداوە. ئەمەش بە ڕوونی لە وەڵامنەدانەوەی بەرپرسانی ئەستەنبوڵ بۆ پێشنیارەکانی قائیمقامی ئامێدی سەبارەت بە پەرەپێدانی کەرتی کانگاکان دەردەکەوێت.

یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەی کانزاییەکان لە باشوری کوردستان نەوت بووە، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دوای درککردنی بەگرنگی ئەم کانزایە، لە ٦ی نیسانی ١٨٩٠ مۆڵەتی دۆزینەوەو وەبەرهێنانی نەوتی لە زۆرینەی ناوچەکانی باشوری کوردستان بەستەوە بە کارگێڕیی گەنجینەی سوڵتانی، ئەمەش هۆشیاری سەرەتایی عوسمانییەکان و خودی سوڵتان لەبارەی گرنگی ئەم سامانە کانزاییە پشتڕاستدەکاتەوە. کە دواجار تاوەکو لە سەرەتای سەدەی بیستەم، ململانێیەکی توندی نێودەوڵەتی بۆ بەدەستهێنانی جیاوگی ئەم کانزایە سەرهەڵئەدات، ئەڵمانیا سەرکەوتوو بوو لە بەدەستهێنانی ئەم مافە لە ساڵی ١٩٠٤.

سەرچاوەکان

به کوردی

– زاخۆو دهۆک لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، ٢٠١٩، بەرگی دەیەم، و. ئاشتی ڕەحمان، بڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان، هەولێر.

–سلێمانی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، ٢٠١٩، بەرگی نۆیەم، و. ئاشتی ڕەحمان، زانکۆی جیهان، خانەی بەڵگەکان، هەولێر

–هەولێر لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی د، ٢٠٢١، بەرگی یەکەم، و. ئاشتی ڕەحمان، بڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان، هەولێر.

–ژاک دمۆرگان، ٢٠١٢، کوردستان لە لێکۆلینەوەکانی ژاک دمۆرگاندا، و. سعید خضری و ئاسۆ عبدالرحمن، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.

–سۆن، مەیجەر، ٢٠٠٧، سلێمانی ناوچەیەک لە کوردستان، و: مینە، مەڵبەندی کوردۆلۆژی، سلێمانی.

– ئینجاغا، سامان مستەفا ڕەشید، قەزای کفری لە بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی دا ١٨٥٢–١٩٠٠، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارەیەکی تایبەت بە کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتیی هاوبەشی زانکۆی سلێمانی و زانکۆی پۆلیتەکنیکی گەرمیان لە ٢٠–٢١ی ٢ی ٢٠٢٥.

– ............ کورد و کوردستان لە گۆڤاری لغە العرب دا، ٢٠٢٤، و: سدیق ساڵح، بنکەی ژین، سلێمانی.

–عبدالعزیز، دڵشاد عمر، ٢٠١١، نەوتی کەرکوک و ململانێی زلهێزەکان١٨٩٠–١٩٢٧، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک.

–کریم، خالد محمود، ٢٠١٩، باشوری کوردستان لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانیدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

**به عەرەبی**

– موصل ولایتی سالنامەدر، ١٣١٠ھ مکتوبی ولایت سعادتلو حسن توفیق افندی معرفتیله ترتیب اولمنشدر.

– موصل ولايتى سالنامەدر، ١٣١٢ھ موصل ولايتى مطبعة سنده باصلمشدر.
– موصل ولايتى سالنامه رسميسدر، ١٣٣٠ھ عزتلو صفوت بك معرفتيله ترتيب و دردنجى دفعه اولـەرق موصل مطبعه سنده اولنمشدر.
–ابراهيم، عبدالفتاح، ٢٠٠٤، على طريق الهند، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ص١٧٩–١٩٠
– البوتاني، عبدالفتاح علي، ٢٠٠٧، دراسات و مباحث في تاريخ الكورد و العراق المعاصر، مطبعة حجي هاشم، اربيل.
– الجنابي، عبدالزهرة علي، ٢٠٢٠، جغرافية العراق الاقليمية بمنظور معاصر، دار الصادق لثقافية، بابل.
– الدوسكي، كامران عبدالصمد أحمد، بهدينان في اواخر العهد العثماني(١٨٧٦–١٩١٤)، ٢٠٠٧، مؤسسة موكرياني للبحوث و النشر، مطبعة خاني، دهوك.
– العمري، عبدالله بن محمد، ٢٠٢٤، موسوعة العمري في التعدين و الطاقة، العبيكان للنشر، الرياض.
– القهواتي، حسين محمد، ١٩٨٠، دور البصرة التجاري في الخليج العربي ١٨٦٩–١٩١٤، مطبعة الارشاد، بغداد.
– الونداوي، مؤيد و معن، سعود، ٢٠٢١، بلاد النهرين دراسة سياسية–اجتماعية–اقتصادية، وثائق الحارجية البريطانية، مكتبة النهضة العربية، بيروت.
–بصري، مير، ١٩٤٨، مباحث في الاقتصاد العراقي، شركة التجارة و الطباعة المحدودة، بغداد.
–بنديه، هنري، ٢٠٠١، رحلة الى كردستان في بلاد مابين النهرين، ت.يوسف حبي، دار ئاراس للنشر، اربيل.
–حسين، فاضل، ١٩٧٧، مشكلة الموصل دراسة غي الدبلوماسية العراقية– الانكليزية–التركية و في الرأي العام، ط٣، بغداد.
–خليل، نوري عبدالحميد، ١٩٨٠، التاريخ السياسي لامتياز النفط في العراق(١٩٢٥–١٩٥٢)، مطبعة الرابطة، بيروت.
–خورشيد باشا، ٢٠٠٩، رحلة الحدود بين الدولة العثمانية و وايران، ت. مصطفى زهران، المركز القومي للترجمة، مصر.
–سليمان، حكمت سامي، ١٩٥٨، نفط العراق دراسة سياسية و اقتصادية، دار اليقظة، دمشق.
–صوان، محمد شعبان، ٢٠١٩، السلطان و المنزل الحياة الاقتصادية في اخر ايام الخلافة العثمانية و مقاومتها لتمدد الرأسمالية الغربية، دار البشير للثقافة، القاهرة.
– منصور، منال، ٢٠١٥، لعنة الموارد الطبيعية و سبل تجنبها، مجلة دراسات، العدد الثالث.
–عيساوى، شارل، ١٩٩٠، التاريخ الاقتصادي للهلال الخصيب(١٨٠٠–١٩١٤)، ت. رؤوف عباس حامد، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.
–لايارد، هنري، ٢٠٠٥، البحث عن نينوى، ت. ميخائيل عبدالله، دار سركون للنشر، ط٢، السويد.
–هرشلاغ، ز. ھ، ١٩٧٣، مدخل للتاريخ الاقتصادي للشرق الاوسـط، ت. مصطفى الحسيني، دار الحقيقة بيروت.
–هنتس، فالتر،(دت) المكاييل والاوزان الاسلامية وما يعادلها في النظام المتري، ت. كامل العسلي، منشورات الجامعة الاردنية، الأردن،
–ولي، كمال عبداقادر، ١٩٧٩، الملاحة النهرية في العراق، بغداد.
بە توركی
-Marufoğlu, Sinan, 1998, Osmanli Donemin-de Kuzey Irak 1831-1914, Eren.
- Raşhid, Saman Mustafa, 2023, Süleymaniye Sancaği'nin Idari Ve Sosyo-Ekonomik Yapisi (1879-1918), Doktora Tezi, Istanbul Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü Tarih Anabilim Dali. Istanbul.
بە ئینگلیزی
-Daniel Yergin, 1992, The Prize: The Epic Quest for oil money power New York., pp.103
-Grattan Geary1878,, Through Asiatic Turkey Narrative Of A Journey From Bombay To The Bosphorus, In Two Volumes, Vol. II, London.

-Lorimer, J. G (1912), Report on A Tour in Turkish Arabia and Kurdistan April-May 1910, Printed at the Government Monotype Press: Simla.

ملخص

كانت الثروات المعدنية من أهم الموارد الاقتصادية التي اهتمت بها الدولة العثمانية في ولاياتها المختلفة، إذ كانت مصدرا رئيسيا لإيرادات الضرائب ودعما لاقتصاد الدولة. وتتمتع مناطق جنوب كردستان بأهمية خاصة نظرا لوفرة المعادن المتنوعة كالفحم والنفط والمعادن الجوفية الأخرى. يسعى هذا البحث للاجابة على هذه الاسئلة: كيف كانت واقع الثروات المعدنية في جنوب كوردستان خلال الفترة ١٩١٤-١٩٥١؟ و كيف كانت نظرة العثمانيين لكيفيه استغلالها؟ و ما أسباب محدودية الاستثمار فيها رغم تنوع و ثراء المطقة بالمعادن؟ يتبع البحث منهجا تاريخيا ووصفيا وتحليليا، ويعتمد بشكل كبير على الوثائق العثمانية المنشورة و السالنامات العثمانية، وتقارير الرحالة والمبعوثين الأجانب، لاستعراض أنواع المعادن المكتشفة، وطرق الاستغلال الداخلي، والسياسة الضريبية العثمانية، والصراع الدولي حول امتياز النفط، و بهذا تكشف جانبا مهما من التاريخ الاقتصادي لهذه المنطقة المهمة في اواخر العهد العثماني

الكلمات المفتاحية: الدولة العثمانية، جنوب كردستان، الموارد المعدنية، الفحم، النفط.

Abstract

Mineral resources were among the most important economic resources that the Ottoman state focused on in its various provinces, as they were a major source of tax revenue and support for the state's economy. Southern Kurdistan areas are of particular importance due to the abundance of diverse minerals such as coal, oil, and other underground minerals. This study seeks to answer the following questions: What was the state of mineral resources in southern Kurdistan during the period 1851-1914? What was the Ottoman perspective on their exploitation? And what were the reasons for the limited investment in these resources despite the region's diversity and richness in minerals? The research follows a historical, descriptive, and analytical approach, relying heavily on published Ottoman documents, Ottoman yearbooks, and reports from travelers and foreign envoys. It reviews the types of minerals discovered, methods of internal exploitation, Ottoman tax policy, and the international conflict over oil concessions, as an eminent mineral that has been attracting foreign attention since the late 19th century, hence revealing an important aspect of the economic history of this important region in the late Ottoman period.

Keywords: Ottoman State, Southern Kurdistan, mineral resources, coal, oil.